# عەرەبی (ڕەسەن) و کوردی (نا)ڕەسەن!

**هاوڕێ باخەوان**

زاراوەسازیی رامیاری، پایەیەکی گرنگی رامیاریکردن و ئەتیکێتە دیپلۆماتییەکانە، لە مێژووی دیپلۆماسیدا و لە هەموو کات و شوێنێکدا گرنگیی تایبەتیی خۆیی هەبووە و هەیە.. رووبداوە رێکەوتنی نێوان دوو دەوڵەت لە ساتەکانی کۆتاییدا بەهۆی زاراوەسازیی رامیارییەوە هەڵوەشاوەتەوە و جەنگی لێ پەرپابووە!..

زاراوەسازیی رامیاری لە ناو کوردا زانستیکی زۆر کۆڵە، گرنگیی پێنادرێت و مێژوویەکی دووریشی نییە.. ماوەیەکە بەهۆی پرۆسەی سەرژمێریی چاوەڕوانکراو یان (نەکراو)ەوە، کەناڵە کوردییەکان گرنگییەکی بەرچاو بە کوردی-شەبەك و کوردی-ئێزدی دەدەن و بە کوردی ڕەسەن پێناسیان دەکەن!، لەوە گەڕێن کە هەر ئاوەڵناوێك پێچەوانەی هەیە و بەم پێیە دەبێت کوردی ناڕەسەنیش هەبێت! بەڵام زاراوەسازیی رامیاریی کوردی، یان هی وتەبێژانی کورد پێیوایە کە عەرەبی ڕەسەنیش لە کەرکوك هەیە!. هەرچەند سەیری ئەم زاراوەیەی رامیارانی کورد دەکەم و بە هەرچی پێوەری مێژوویی و جوگرافی و هیی تر هەیە، نایێت لەمدیو حەمرینەوە عەرەبێك هەبێت پێی بگووترێت ڕەسەن!.. ئەم زاراوەسازییەی خودی رامیارانی کورد بوونی عەرەبیان لەمدیو حەمرینەوە کرد بە ماڵ بەسەرمانەوە!.. دڵنیام ئەگەر بشبینە حکومەت و کەرکوك و ناوچەکانی تریش تاکو حەمرین هی خۆمان بێت، ئەوا مۆتەکەی عەرەبی ڕەسەن هەر لە خەوەکانماندا دەمێنێتەوە..

بەو پێیە عەرەبەکانیش مافی خۆیانە تا دنیا دنیایە لە کەرکوکدا بمێننەوە، ئەدی رامیارانی کورد بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك و لێکدانەوەیەك هەردەم نالێن (کەرکوك کوردستانییە، بەڵام بە پێناسە ئێراقییەکەی!)، ئەمەیشییان مەتەڵێکی تری زاراوەسازیی رامیارانی کوردە و من ناتوانم تێی بگەم!، ئەگەر کوردستانییە، ئیدی پێناسی ئێراقیی چی و ئەی ئەگەر پێناسی ئێراقییە ئیدی بۆچی داوای بکەینەوە و بە کوردستانی بزانین!..

دراوسێکانمان زۆر لە ئێمە ژیرترن، ئەوان هەر لە دەمێکەوە گرنگیی ئەم زاراوەسازیی رامیارییە تێگەیشتوون. ئێرانی داگیرکەر بە نموونە، دەیان ساڵە فەرمانڕەواییی دوورگەکانی ئەبو مووسا و هەردوو تەنبی گەورە و گچکە دەکات و لە بەرامبەریشدا ئیماراتی عەرەبیی دراوسێی دەیان ساڵە داوایدەکاتەوە و بەخاکی خۆیی و نیشتمانی عەرەبی دەزانێت، دڵنیام گەر رێککەوتنێك بێتە ئاراوە و ئێران ئەو دوورگانە بداتەوە بە دراوسێکەیی و لە رێککەوتننامەکەیاندا دەستەواژەی کەنداوی فارسیی تێدا هاتبێت، ئەوا ئەستەمە ئیمارات ئەو دوورگانە بەو شێوەیە وەربگرێتەوە و واژووی زاراوەسازیی رامیاری لەسەر دەستەواژەی (کەنداوی فارس) بکات. ئێرانیش بە هەمان شێوە هەرگیز واژووی خاوەندارێتیی رێکەوتننامەیەکی واهی ناکات کە تێیدا دەستەواژەی (کەنداوی عەرەب)یی تێداهاتبێت!..

هەر بەهۆی ئەم زاراوەسازیی رامیارییەشەوەیە کە هیچ لێپرسراوێکی تورك ناوی کوردستان یان هەرێمی کوردستانی بەسەر دەمدا نایەت و تەنانەت کە سەرۆکێك یان لێپرسراوێکی باشوور روویان تێدەکات بە کەسێکی ئێراقی یان سەرۆك هۆزێك لە راگەیاندنەکانیاندا پێناسی دەکەن!..

هەر هەمان هۆیشە کە ئێراقی داگیرکەر پێی لەوە داگرت کە ناوی فڕۆکەخانەی هەولێر، ئەربیل بێت و هەولێر نەبێت! چونکە ناوی ئەربیل لە عەرەبییەوە نزیکە و هەولێریش کوردیی تەواوە، کەچی دەستەڵاتی باشووریش ملی بەو داواکارییەوە نا و کردییە (مەتار ئەربیل ئەلدەولی)!.

ئەم زاراوەسازییە وشەی بێگانە و تەنانەت چۆنێتیی دەربڕینەکانیشی دەگرێتەوە، کەسانی دیپلۆمات و هێمای بەرچاوی ناوەندە دیپلۆماتەکان دەبێت زۆر بەگرنگییەوە لێی پروانن..

زۆرینەی رامیارانی کورد کە بیانەوێت بۆ نموونە باسی هەڵەبجە بکەن، بە دەربڕین و شێوە عەرەبییەکەی دەڵێن حەلەبچە! هۆیەکەی چییە کە نالێن هەڵەبجە! نێناگەم، دیارە پیتی (هـ) بۆ هەموو کوردێکی ڕەسەن و ناڕەسەن لە پیتی (ح) گەلێك ئاسانترە، ئەدی ئەو لەشکرە زمانەوانەی کورد و ئەو هەموو دکتۆرا و مکتۆرایەی زانکۆکانی کوردستان بۆچی لەم لایەنەوە دەنگێك ناکەن! ئەوەشیان نێناگەم..

پاش رووخانی سەددام و هاتنی عەرەبان بۆ سەیرانگاکانی کوردستان بۆ بەسەربردنی کات! هاوبیرێکی من و چەند هەڤاڵێکی رووەکەنە ئەحماوای هەورامان بۆ سەیران و لەوێ بەرامبەر کۆمەڵە گەنجێکی عەرەب بارگەی سەیران و خواردنەوەی لێدەخەن! یەك لە عەرەبەکانی دراوسێ سەیرانیان بە مۆبایلەکەی تەلەفون بۆ کەسێکی ئەودیو حەمرین دەکات و دەڵێت من لە (شیمال)م و زۆر خۆشە! هاوبیرەکەشم کەمێك سەری گەرم بووە و بەم وشەی شیمالە دەیگرێت، پاش ئەوەی کابرای عەرەب قسەکانی تەواو دەکات، هاوبیرەکەم دەچێتە لای و هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات ئەگەر دیسانەوە تەلەفون بۆ هەمان کەس نەکاتەوە و لە جیاتی شیمال نەڵێت کوردستان! ئەوە باشی بەسەر نایەت! ئیدی کابرای عەرەب لە ترسی خۆی بەوە دەسازێت و ناچار تەلەفون دەکاتەوە و دەڵێت من لە کوردستانم و زۆر خۆشە!.. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی زۆرڕەوییەکی تێدایە، بەڵام لێزانیی ئەو هاوبیرەم لە زانستی زاراوەسازیی رامیاریدا دەردەخات و هیوادارم رامیارانی کوردیش نەك بە خوماری، بەڵکو لە هۆشیاریدا چاو لەو بکەن و واز لە ڕەسەن و ناڕەسەن و پێناسی ئێراقی بهێنن..

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٠-١٠-١٣

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com